# فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی

□

کوردی ـ ئینگلیزی

بەرگی یەکەم

پیتی «ئـ» تا کۆتایی پیتی «جن»

بەختیار سەجادی

(عضو هیئت‌علمی دانشگاه کردستان)

محەمەد مەحموودی

گوتار

www.ketab.ir

سجادی، بختیار، ۱۳۵۵؛ محمودی، محمد، ۱۳۴۸
فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی / کوردی ـ ئینگلیزی؛ بەرگی یەکەم؛
پیتی «ئـ» تا کۆتایی پیتی «جێ» بەختیار سەجادی، محەمەد مەحموودی
سقز: گوتار ۱۳۹۵

ISBN: 978-600-7959-81-7

فهرست‌نویسی بر اساس اطلاعات فیپا
موضوع: ادبیات ـ واژه‌نامه‌ها، کُردی ـ انگلیسی
۱۳۹۵: ۳س۲۳/آ۳۲۵۶ PIR ۳/ک۹فا۴
کتابخانه‌ی ملی ایران: ۴۳۰۵۸۸۶
■ حق چاپ محفوظ است.

فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی
بەرگی یەکەم: پیتی «ئـ» تا کۆتایی پیتی «جێ»
د. بەختیار سەجادی (عضو هیئت‌علمی دانشگاه کردستان)
محەمەد مەحموودی
دیزاینی بەرگ و ئامادەسازیی چاپ: ئازاد سورخی
ساڵی چاپ: ۱۳۹۵
ئەژمار: ۱۰۰۰ دانە
ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی گوتار
سەقز، پاساژی ماد، نهۆمی ۳، یەکەی ۳۲
تەلەفوون: ۰۸۷ - ۳۶۲۲۷۰۳۰

# پێشەکی

چەند ساڵ لەمەوبەر کتێبێکمان بەناوی فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی بڵاوکردەوە کە تێیدا هاوواتای زۆرتر لە سێ هەزار زاراوەی ئەدەبی و پەیوەندیدار بەڕەخنە و تیۆری ئەدەبییەوە دانرابوو. لە پێشەکیی هەمان کتێبدا باسێکمان لەسەر پێویستی وەها هەوڵگەلێک و تەنگ و چەڵەمەکانی سەر ڕێگای بەئەنجام گەیاندنی وەها بەرهەمگەلێک ورووژاندبوو، پەنجەشمان خستبووە سەر هەندێ تایبەتمەندی و گرفت و پۆلێنکاری و ئاماژەی پێویست. کتێبی ناوبراو لەلایەکەوە بەهەوڵێکی باش لە قەڵەم دەدرا و، لەلایەکی تریشەوە دوو خاڵی لاوازی لەخۆ گرتبوو. هەوڵێکی باش بوو لەبەرئەوەی یەکەم جار بوو لە زمانی کوردیدا قامووسێکی تایبەت بە زانستە ئەدەبییەکان و بەتایبەت ڕەخنە و تیۆری ئەدەبی بەدوو زمانی کوردی - ئینگلیزی بڵاودەکرایەوە و، قامووسێکی بڕواپێکراویش بوو لەبەرئەوەی کە ئێمە بۆ خۆمان بەشێوەیەکی پسپۆڕانە خەریکی کاری ڕەخنە و تیۆری ئەدەبیین. بەڵام دوو خاڵە لاوازەکەی ئەو کتێبە بریتی بوون لەمەی کە یەکەم ئەو فەرهەنگە شیکارانە نەبوو؛ واتە زاراوەکان پێناسە و شیکاری نەکرابوون و، دووەم ئەوەی کە هاوواتای کوردیی هەندێ لە زاراوەکان بەشێوەیەکی تەواو ڕاستەقینە دانەندرابوون. لەم بەرهەمەی بەردەستدا کە پێنج پیتی (ئـ) تا کۆتایی (ی) لەخۆ گرتووە و هەوڵ دراوە هەردوو خاڵە لاوازەکە چارەسەر بکرێ. لە پاڵ ئەمەشدا، پێویستە تیشک بخەینە سەر ئەو ڕاستیەش کە کارێکی لەم چەشنە لە بنەڕەتدا کار و پرۆژەی بەکۆمەڵی گرووپێکی پسپۆڕە کە ژمارەیان لەوانەیە لە سەد پسپۆڕ تێپەڕێ و، ئەو خوێنەرانەی بەشێوەیەکی جیددی خەریکی توێژینەوەی زانستە ئەدەبی و تیۆریکەکانن لە ڕێگەی خوێندنەوەی قامووسە جیاجیاکانەوە بەتەواوی لەم خاڵە تێ گەیشتوون. ئێمەش، پاش دوو ساڵ توانیمان پێنج پیت لەم پرۆژەگەلە گرنگە تەواو بکەین؛ هەڵبەت ئەوەش بڵێین کە ئەم کارە زۆری ماوە و بێگومان لە دوا قۆناخی خۆیدا و کاتێ هەموو بەرگەکانی بڵاوبوونەوە، بەشێوەیەکی دی و بەفۆرم و ڕووخسارێکی ترەوە و بەو جۆرەی لە فەرهەنگەکانی ئێستای جیهاندا باوە بڵاو دەکرێتەوە. لە ماوەی ئەو دوو ساڵەشدا هەندێ بەرهەمی لەم چەشنە کەوتوونەتە نێو

www.ketab.ir

بازارەوە کە زۆربەی هەرە زۆر یان لێواولێون لە هەڵەی جۆراوجۆری زانستی و زمانناسانە و لەلایەن کەسی ناشارەزا و بەپەلەوە چاپ کراون و زیاتر تیشکیان خستۆتە سەر بەکارهێنانی زاراوە عەرەبی و ئینگلیزی و فارسییەکان و یاخود لە سەرچاوە عەرەبییەکان سوودیان وەرگرتووە. بەو هیوایەین هەوڵەکان قووڵتر و درێژخایەنتر بینەوە و لە ئەنجامدا بتوانین ببین بەخاوەنی زمانێکی زانستیی یەکگرتوو و پاراو.

بەختیار سەجادی و محەمەد مەحموودی

www.ketab.ir